





# بەڵگەنامەی ماڵیات (باج)ی داهات

هەموو ئەو کەسانەی داهاتێکیان هەبووە دەبێ لە ساڵی دەسکەوتی داهاتدا، بەڵگەنامەی باج پڕ بکەنەوە. ساڵی دەسکەوتی داهات بەو ساڵە دەگوترێ کە داهاتەکان (بۆ نموونە مووچە و پارەی خانەنشینی) دەدرێن و خاوەنکار یا ئەو کەسەی مووچەی خانەنشینی دەدا، باج لە داهاتەکە دەگرێتەوە.

## لە سەرەتای مانگی ئەپریلدا، ئەو وەرەقانەی خوارەوەت لە لایەن دایرەی زەریبەوە بۆ دێن:

• فۆرمی بەڵگەنامەی باج
هەموو ئەو کەسانەی پێویستە بەڵگەنامەی باج پڕکەنەوە، فۆرمێکیان بۆ دەچێ. زۆر جاریش فۆرمەکە پێشتر لە لایەن دایرەی زەریبەوە (Skatteverket)، پڕکراوەتەوە.

• وەرەقەی چەند وچۆنیی ماڵیات
لیستەیەکیشت بۆ دەنێردرێ کە ڕیزی داهاتەکەتی تێدا نووسراوە. لیستەکە پێشتر هەم تۆ وەرتگرتووە، هەم دایرەی زەریبە.

• حیسابی باجی سەرەتایی
هەروەها وەرەقەی حیسابی باجی سەرەتاییشت بۆ دێت. لەم وەرەقەیەدا، باجە سەرەتاییەکەت لە سەر بنەمای ئەو زانیارییانەی دایرەی زەریبە لە بەڵگەنامەکەدا پڕی کردۆتەوە، حیساب کراوە.

• فیشی پارەدان
هەروەها دوو فیشی ماڵیاتدانیشت بۆ دێ تا ئەگەر پێویست بوو باجێکی زۆرتر بدەیت، ئەوا بەکاریان بێنی.

### لە ڕێی تەلەفۆن یا ئینتەرنێتەوە بەڵگەنامەی باجەکەت پڕ کەوە


هەندێ لە باجدەران دەتوانن لە ڕێی ئینتەرنێتەوە، بەڵگەنامەی باجەکەیان پڕکەنەوە. بۆ ئەوەی بزانی کێ بۆی هەیە ئەم کارە بکا و چۆن دەبێ بکرێ، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە: www.skattevrket.se.

ئەگەر پێویست بە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە بەڵگەنامە ماڵیاتییەکەتدا نەبوو، ئەوا دەتوانی تەلەفۆن لە ژمارەی 100 567–020 بکەی یا SMS بۆ ژمارەی 711 44 بنێری و ڕاستبوونەکەی تەئید بکەی.

**دوایین ڕۆژ! دووی مانگی مای، سەعات دوازدەی شەو**

بێتوو دووی مای، شەممە یا یەکشەممە بێت ئەوا بەڵگەنامەی باجەکەت ڕۆژی دووشەممە تەسلیم بکە.

# بەڵگەنامەی باجەکەت ئاوا پڕ کەوە!




• **کۆنترۆڵی بکە!**
کۆنترۆڵی ئەوە بکە کە ئاخۆ لیستەی تەواوی داهاتەکەت لە وەرەقەی چەندوچۆنیی ماڵیاتیدا هەیە و هەروەها ئەم برە پارەیەی نووسراوە ڕاستە یان نا. زۆربەی زانیارییەکان لە سەر داهاتەکەت، پێشتر لە فۆرمی بەڵگەنامەی باجدا پڕکراوەتەوە.

• **بیگۆڕە!**
ئایا هەندێ زانیاریی پڕکراوەی ناو بەڵگەنامەی باجەکە، ڕاست نییە یا ناتەواوە؟ بۆ نموونە هەڵەیەک لە ڕیزی داهاتەکەتدا کە دایرەی ماڵیات وەریگرتووە ڕووی داوە، یا ئەوەی کە هەندێ زانیاری نەنووسراوە. هەر خۆت لە بەڵگەنامەکەدا بیانگۆڕە و ڕاستیان بکەوە.

• **لێی زیاد کە!**
بێتوو دایرەی زەریبە هەندێ زانیاری وەرنەگرتبێ، بۆ نموونە خەرجی هاتوچۆ و سەفەری کاری کەم نەکرابێتەوە، ئەوا خۆت دەتوانی لە ناو لاکێشە سپییەکاندا لێی زیاد کەی.

• **ژێرەوەی ئیمزا کە و بینێرە!**

### باجێک کە دەبێ بدرێ یا وەربگیرێتەوە

لە نێوان ڕۆژانی 15ی ئاگۆستی تا 15ی سێپتەمبەر، دایرەی زەریبە وەڵامی باجی یەکجاری و دەرئەنجامی حیساب بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەڵگەنامەی باجەکەیان تەسلیم کردووە دەنێرێ.

بێتوو باجی زیادەت دابێ ئەوا بۆت دەگەڕێتەوە. ئەگەریش کەمتر لە ڕادەی پێویست باجت دابێ، ئەوا دەبێ لە ماوەی نەوەد ڕۆژدا بیدەیتەوە.

### هەموو کەس حیسابێکی ماڵیاتی هەیە

دایرەی زەریبە لە حیسابی ماڵیاتیی تۆدا، ئەو باجە سەرەتاییە کۆدەکاتەوە کە لە سەر بنەمای ئەو زانیارییانەی خاوەنکار ناردوویەتی حیسابکراوە، یا ئەوەی خۆت داوتە یا لە سەر بنەمای وەڵامی باجی یەکجاری و بەڵگەیتر ساغ بۆتەوە.

| ساڵی دەسکەوتی داهات | ساڵی باجبڕینەوە (ساڵی دوای دەسکەوتنی داهات) | | | |
|---|---|---|---|---|
| یانیواری . دیسەمبەر | یانیواری | مای | ئاگۆستی . سێپتەمبەر | دیسەمبەر |
| هەموو ئەو داهاتەی لە درێژایی ساڵدا هەتبووە، دەبێ لە بەڵگەنامەی باجەکەتدا بیاننوسی. | لە مانگی یانیواریدا، ڕیزی داهاتی ساڵی ڕابردووت بۆ دەنێردرێ. خاوەنکار، ڕیزی داهاتەکان هەم بۆ تۆ دەنێرێ و هەم بۆ دایرەی زەریبە. لە مانگی ئەپریلدا بەڵگەنامەی باجت دەگاتە دەست. | بە لای زۆر تا ڕۆژی دووی مانگی مای، دەبێ بەڵگەنامەی باجەکەت تەسلیمی دایرەی زەریبە بکەی. | لانی زۆر تا ناوەڕاستی مانگی سێپتەمبەر، لە لایەن دایرەی زەریبەوە وەڵامی باجی یەکجاری و دەرئەنجامی حیساب بۆ ئەو کەسانە دەنێردرێ کە بەڵگەنامەی باجیان تەسلیم کردووە. ئەوانەی باجی زیادەیان داوە، ئەوا پارەکەیان وەردەگرنەوە. | لانی زۆر تا ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەر، وەڵامی باجی یەکجاری و دەرئەنجامی حیساب بۆ هەموو ئەو کەسانەی تا ئەو کات وەریاننەگرتووە دەنێردرێ. ئەوانەی ماڵیاتی زیادەیان داوە، ئەوا پارەکەیان وەردەگرنەوە. |